نەتەوە یەکگرتووەکان: ژمارەی باڵەخانە وێران کراوەکانی غەززە ئاشکرا دەکات

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، زیاتر لە هەزار و 300 باڵەخانە و نزیکەی چوار هەزار خانوو لە کەرتی غەززە بەهۆی بۆردوومانەکانی ئیسرائیلەوە وێران بوون.

ئەمە شەممە، نووسینگەی کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راگەیەندراوەکدا رایگەیاند، "پێنج هەزار و 540 یەکەی نیشتەجێبوون لەو باڵەخانانە وێرانبوون و نزیکەی سێ هەزار و 750 خانووش بەشێوەیەک زیانیان بەرکەوتووە کە چیتر بە کەڵکی ژیان نەیەت."

نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوەکرد، زیاتر لە 55 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی دیکە لە غەززە زیانیان بەرکەوتووە.